# کورد و ئایین, رەهەندی گۆڕاو و ڕێژەی نەگۆڕ!

نزار جاف

یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕۆشنبیری کورد لە کوردستانی باشوور و ڕۆژاواوە بە پلەی یەکەم و کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکووریش بە پلەی دووەم، بە دەستییەوە دەناڵێنن، کاریگەری کولتور و شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ڕۆشبیرانی عەرەبە بە سەریانەوە. ئەم کاریگەرییەش بۆ فاکتەری جوگرافی و مێژوویی دەگەڕێتەوە. پێگەی جوگرافی کوردستانی بووە هۆی ئەوەی کە بکەوێتە ناوچەیەکەوە کە کولتور و ڕۆشنبیری ئیسلامی تێدا باڵادەستە، لە میانەی فاکتەری مێژووشەوە کە گەلانی ناوچەکە بە هۆیەوە ئاڵ و گۆڕییەکیان لە کولتور و ڕۆشنبیرییەکانیاندا ئەنجامداوە، کە گەلانی بێ دەسەڵات پتر چوونەتە ژێر کاریگەری نێگەتیڤی ئەو کاریگەرییە تا دەگاتە گەلانی باڵادەست.

هەر لێرەشەوە ئەگەر بڕوانینە ڕۆشنبیرانی ئێرانی"فارسەکان بە تایبەتی" دەبینین کە لەگەڵ ئەوەی کاریگەری کولتور و ڕۆشنبیری ئیسلامیان بەسەرەوەیە، کەچی لە هەمان کاتیشدا جۆرە پاراستنێکی کولتور و ڕۆشنبیری نیشتمانی و نەتەوایەتی خۆیان کردووە. هەر لەم ڕووانگەشەوە، زانا و بیرمەندی ئێرانی ناودار"مورتەزا موتەهەری" لە زنجیرە کتێبی" ایران و اسلام خدمات متقابل" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێران شان بە شانی ئیسلام ڕۆیشتووە و چۆن ئیسلام خزمەتی ئێرانی کردووە، ئێرانیش بە هەمان شێوە خزمەتی ئەوی کردووە. ئەم بەراوردییەی "موتەهەری" بایەخەکەی لە دوو ڕووەوە گرنگی دەگرێتە خۆی:

1 ـ موتەهەری بەر لەوەی کە بیرمەندێک بێت، زانایەکی موسڵمانی شیعەیە بە پلەی"ئایەتوڵڵا"، کاتێکیش کە زانایەکی موسڵمان ئەم جۆرە دەربڕینانە دەخاتەڕوو، بایەخی بابەتی نیشتمان و نەتەوە پتر ئاشکرادەکات.

2 ـ موتەهەری ئایینی ئیسلام بەو هەموو ڕەهەندە"پیرۆزییەی" کە پێوەیەتی، کولتوری ئێرانی"فارس"ی لە بەرامبەردا قوت کردۆتەوە. ئەمەش پتر لە واتا و تێڕوانینێکی تایبەتی پێویستە.

هەروەها ئەگەر بڕوانینە تورکیای ئێستا و ئەو سەردەمانەی کە دەوڵەتی عوسمانی بە ڕێوەدەبرد، ئەوا دەبینین کە ئەمانیش جۆرە باوەڕێکیان بە کولتور و ڕۆشنبیری نیشتمانی و نەتەوایەتی خۆیان هەیە. ئیسلام لە ژێر دەسەڵاتدارییەتی تورکە عوسمانییەکاندا، ڕەنگ و بۆیەکی تایبەتی و جیاوازتری بە خۆیەوە گرتبوو کە دەتوانین تا ڕادەیەک لەو ئیسلامەی ژێر دەسەڵاتدارییەتی عەرەبە ئەمەوی و عەباسییەکانی جیابکەینەوە. تەنانەت ئەمڕۆش ئاراستە سیاسییە ئیسلامییەکانی تورکیا جۆرە تێڕوانینێکی تایبەتی خۆیان هەیە سەبارەت بە بابەتە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییەکان. ئەوەیشی کە پتر سەرنج بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت ئەو ئاراستانەیە کە دەکرێت پارتی"گەشەپێدان و دادپەروەری" بە نموونەیەکی سەرەکییان دابنێین، بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوایەتی تورکیایان خستۆتە سەرووی پرەنسیپە ئیسلامییەکانەوە. ئەوەتا کاتێک ئافرەتانی تورکیا خۆپیشاندان لە دژی پیادەکردنی ئەو پرەنسیپانە دەکەن، پارتی گەشەپێدان و دادپەروەری بە ڕاشکاوانە ملکەچی بووچوون و ئارەزووی داخوازی ئەو ئافرەتانە دەبێت" کە ئەم ملکەچبوونەش لە ڕووی بنەما فیقهییەکانی ئیسلامەوە نابەجێیە". هەروەها ئەگەر بێت و بڕوانینە سەردانەکەی ئەم دواییەی ئەردۆگان بۆ ئیسرائیل، ئەوا دەبینین کە بە وەرچەرخانێکی یەکجار گرنگ لە دۆسییەی ئیسلامی سیاسی ناوچەکەدا دەژمێردرێت، بەتایبەتی کاتێک کە دەزانین ئەردۆگان سەرۆکی پارتێکی ئیسلامی سەرەکییە لە ناوچەکەدا، ئەمەش دیسانەوە ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی تورکیا لە سەرووی پرەنسیپە ئیسلامییەکانەوەیە. ئەگەر بێت و چاوێکیش بە مێژوودا بخشێنین و لە هەڵوێستی کەسایەتییەکی وەکو"سەلاحەدین ئەیوبی" وردبینەوە، دەبینین کە ناوبراو بە هیچ جۆرێک بیری لە بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوایەتی خۆی نەکردۆتەوە و، تەنها بیری لە بەرژەوەندی ئایینی ئیسلامی کردۆتەوە. ئەگەر بێت یەکێکمان لێ بێتە وەڵام و بڵێت "لەو سەردەمەدا بابەتی نیشتمان و نەتەوە لە ئارادا نەبوون و پرەنسیپە ئایینییەکان لەسەرووی هەموو شتێکەوە بوون" ئەوا پێی دەڵێین باشە برا خۆ دەوڵەتی عوسمانی دەیتوانی زمانی عەرەبی بکاتە زمانی باڵادەست و سنوورێکی بۆ زمانی تورکی دابنایە، بۆچی خۆی لەو مەسەلەیە دزییەوە؟! یان بۆچی دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی لە سوننی مەزهەبەوە بۆ شیعە گۆڕی و کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دانا کە ئێرانی لە ناوچە ئیسلامییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و بابەتی دەسەڵاتی لە چوارچێوەی خودی ئێراندا هێشتەوە؟ هەڵبەتە پێویستیشە ئاماژە بدەین بەو ڕاستییەی کە زانا موسڵمانە ئێرانییەکان جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆیان لە تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ بنچینە فیقهییەکانی ئیسلامدا هەیە کە زۆر جار جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ

هاوتاکانیان لە وڵاتانی ئیسلامی دیکەدا، تێدا بەدی دەکرێت. هەر لەو ڕووانگەشەوە ئەگەر تەماشای بزافی سیاسی ئیسلامی لە کوردستاندا بکەین، ئەوا دەبینین کە پارتە ئیسلامییەکانی کوردستان، هەمیشە زۆر بە وردی پابەندی دەقە ئاینییەکان دەبن و هەرگیز ئامادە نین بچوکترین گۆڕانکاری لە هیچ تێڕوانین و مامەڵەکردنێکی ئیسلامی نوێ سەبارەت بە گیر و گرفتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بهێننە ئاراوە. ئەو پارتانە سەربارى ئەوەی کە هیچ جۆرە بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ تایبەتمەندییەکیانی واقیعی کوردەواری دانەناوە، کەچی لە هەمان کاتیشدا ناو بە ناو باڵی توندڕەویان لێ دەبێتەوە بە تۆمەتی ئەوەی کە  لە بنەما فیقهییەکانی ئیسلام لایان داوە!! بەڵام ئەوەی کە شایەنی ئاماژە پێکردنە، خەڵکی کوردستان بەبێ ئەوەی بایەخ بە پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەتدا بدەن یان کاریگەری ئەو جۆرە پارتانەیان بە سەرەوە بێت، هەمیشە زۆر بە دڵسۆزانە کاری نوێژ و خواپەرستی خۆیان بە ڕێک و پێکی کردووە و لە هەمان کاتیشدا چالاکییە کولتورییە نەتەواتییەکانی خۆیانیشیان ئەنجامداوە کە ئەگەر بێت و لە ڕووانگەی ئیسلامەوە بەراوردییان بکەین ئەوا دەبینین کە ئیسلام بە دڵنیاییەوە ڕێگە بە جێبەجێکردنی ئەو جۆرە چالاکییانە نادات. بۆ نموونە، هەڵپەڕکێی"ڕەشبەڵەک" کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەشداری تێدا دەکەن و دەست لە دەستی یەک دەئاڵێنن، ئەوا بە پێی بنەماکانی فیقهی ئیسلام ئەو کارە هەرگیز ڕەوا نییە. بەڵام بۆچی تا ئێستاش خۆی بەسەر ئەو بنەمایانەدا سەپاندووە؟ وەڵامەکەی لەوەدایە کە نەتەوەی کورد تایبەتمەندی خۆی لە زۆر ڕووەوە هەیە کە لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکەی جیادەکاتەوە. لێرەشدا ئەوە کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە، پابەندی زانا موسڵمانە کوردەکان بە بنەما فیقهییەکانی ئیسلامە و هەرگیز چوارچێوە دیاریکراوەکانی پرەنسیپەکانی ئەو ئایینە نابەزێنن و، دەکرێت بڵێین زۆر بە دڵسۆزانەوە" پیرۆزی" دەقەکان دەپارێزن و لە ئاراستە دیاریکراوەکانی خۆیدا دەیهێڵنەوە. بەڵام ئەگەر بڕوانینە بنچینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، ئەوا بە ئاشکرا مۆرک و تایبەتمەندییەتی نەتەوایەتییان پێوە دەبینین. بۆ نموونە  سیستەمی" پیاوسالاری" بەو توندییەی کە لە ناو کۆمەڵگەکانی دیکەی ناوچەکەدا بەسەر ئافرەتدا پیادەکراوە، هەرگیز لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە هەمان شێواز پیادەنەکراوە. ئافرەت بە گیانلەبەرێکی نەفرەت لێکراو و پیس"وەک ئەوەی کە چۆن تەماشا و مامەڵە لەگەڵ ئافرەت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەکەن" لە قەڵەم نادرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئافرەتی کورد هەمیشە پێگە و پایە و ڕێزی تایبەتی خۆی لە ناو کۆمەڵی کوردیدا هەیە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس
نیشتەجێی ئەڵمانیایە
nezarjaff@gmail.com